www.kurdistannet.org
29-4-2007 13:07 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## هەر هەمووتان بێ ویژدانن ... ئەحمەد خوسرەوی

بەڵێ هەر هەمووتان ئەوانەی وا لە بەردەباران کردنی ئەو پەپوولەیەدا وەک ئەوەی کە تەماشاچی شانۆیەک بن بە (تەماشا) ڕازی بوون و ڕێژەیەک سۆزتان نەجووڵا کە ئەو پەپوولە شەیدایەی دوای ڕووناکی، ئەو کیژۆڵە، . ئەوفریشتە ئەویندارە لە داوی مەرگ، لە قەپاڵ و کەڵبەی تیژی دڕندە و گورگ ڕزگار بکەن، ئێوەی تەماشاچی ئەو تاوانەی کە بەقەد گەورەیی گەردوونسامناک بوو، لە ئەنجامدەرانی تاوانەکە گەلێک زیاتر تاوانتان لە ئەستۆیە، گەر ویژدانتان هەبا لەو ساتەدا لە بەرانبەر دیمەن و تاوانی وادا کە عەرشی خودای پێ هەژا، پێم ناڵێن چۆن توانیتان بێدەنگی‌یەکی زۆر قووڵ و (تەماشا) یەک هەڵبژێرن، بە پشت بەستن بە کام بەند و کامە مادەو چ دەستوور و ج یاسایەک خۆشەویستیتان بەند کردوسزای مەرگتان بۆ ئەو پەپوولەیە هەڵبژارد؟

ناپیاوینە، بێدەنگیتان لەو کاتەدا هیمایە بۆ بێ ویژدانی و هاوبەشیتان، هاوبەشیشتان شتێکی دیتان پێ نابڕێ جگە لە ڕیسوا بوون و ڕووڕەشی...
ناوی حەیوانتان لێ نانیم، ئاخر دڕندەی بێ ڕوحم و سۆزی وەک ئێوە گەر پێتان بووتری حەیوان، بە کەم زانین، تەوهین کردنو ڕێز لێ نەگرتنی حەیوانە ... .
ئێوەش ئەی پۆلیسە مووچەخۆرەکانی پاسەوانی دز و جەردەی مافی میلەت هەڵ لوشێنەری بێ دەسەلات دەک ڕووی خۆتان و دەسەلات و یاساکەشتان بە زوخاڵ بن، خۆ ئێوەش بێدەنگیتان هەڵبژارد وەک سەنگی مت. حەپەیەکتان لێ نەهات وهیچتان نەگوت، ، ئای (دوعا) نەتزانی تۆ کە ئەمێستاش لەم چەرخی عەولەمەو ئێنترنێتەدا (خۆشەویستی) لە قوتابخانە و لە کتێب وبیر و هزری زۆر پیاوی ڕۆژهەلاتی دا گوناهیکی کەبیرەیە، ئەی نەتزانی کە لای ئەوان (ناموس) لە ترۆپکی هەموو یاسایەکەوەیە؟
ئەدی ئەگەر خۆشەویستی گوناه نەبا تۆ چۆن دەبووی بە قوربانی؟
ئەگەر ناموس باتی یاسا سەروەر نەبێ تۆی پەیامبەری خۆشەویستی بۆچی ئەبێ وات بە سەر بێ؟ دوعا (دوعا) ی قوربانی ناموس، بحەسێوە ئەدی بۆ خۆت لە گەڵ هەموو دوعاکانی بەر لە تۆ شەهید کراودا، لێم ببوورە، دڵنیام کە لە ڕاقەی ئەم مەرگەی تۆدا زبان لاڵ و خامەش ئەو هێزە شک نابا، بەڵام پاش دیتنی فیلمی مەرگی سامناکی تۆو خوینی سووری بە سەر شەقامەوە پەخش بووت، ئای... کە نەمتوانی قەت بێدەنگ بم ... ..

''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''

_ سوئێد

2007/4/27

From: ahmadbawejani@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.